سەرۆک کۆمار: بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی نوێنەران تەواوکردنی یاسادانانی ئەو یاسایانەیە کە لە دەستووردا دیاریکراون

ئەمڕۆ سێشەممە سەرۆک کۆمار لەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ سێشەممە،پشتڕاستی کردەوە کە بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی نوێنەران تەواوکردنی یاسادانانی ئەو یاسایانەیە کە لە دەستووردا دیاریکراون و لە بەرنامەی حکومەتدا جێگیرکراون.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیاندراوێکدا کە بۆ ئاژانسی "موتابەعە" نێردراوە:
تێیدا هاتووە "سەرۆک کۆمار لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ سێشەممە ، لە کۆشکی بەغدا، پێشوازی لە شاندێکی فراکسیۆنی سادقون بە سەرۆکایەتیی حەبیب حەلاوی ، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کرد".

سەرۆکی کۆمار بەخێرهاتنی پەرلەمانتارانی کرد و ئاماژەی بە "گرنگی ئەو ڕۆڵە کرد کە ئەنجومەنی نوێنەران وەک دەسەڵاتی بەرپرسیار لە یاسادانانی یاساکان و مومارەسەی ڕۆڵی چاودێری بەسەر کاری هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەیگێڕێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، "بەرپرسیارێتی ئەنجومەن تەواوکردنی یاسادانانی ئەو یاسایانەیە کە لە دەستووردا دیاریکراون و لە بەرنامەی حکومەتدا جێگیرکراون، لەنێویاندا یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی، کە

یاسادانانی بۆ ماوەیەکی زۆر دواکەوتووە"، ئاماژەی بەوەشکرد، "دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار پشتگیری لە کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات".

هەروەها لەو راگەیەندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە سەرۆك کۆمار داوایی "خێراکردنی یاسادانانی ئەو یاسایانە بکات کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی عێراق هەیە، وەک یاسای ئەنجومەنی باڵای ئاو و یاسای وەرگرتنەوەی داهاتی گەندەڵی"، ئاماژەی بەوەشکرد "وەرزی یاسادانانی ئێستا کۆتا ساڵی خولی ئەنجومەنی نوێنەران، و دەبێت یاسادانانی ئەو یاسایانە تەواو بکات کە ناتوانرێت دوابخرێن و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی وەبەرهێنان بکات."

لای خۆیەوە سەرۆکی فراکسیۆنی سادیقون سوپاسی سەرۆکی کۆماری کرد بۆ ڕۆڵی لە سپۆنسەرکردنی کۆبوونەوەی چوار سەرۆکایەتییەکە، هەروەها جەختکردنەوەی بەردەوامی لەسەر پێویستی دەرکردنی یاسایەک کە کاریگەری لەسەر ژیانی هاووڵاتیان هەیە، هەروەها جەختکردنەوەی لەسەر پێویستی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری بەدەست هاتووە".